# لەسەر داوای یەکێتی "زانایانی" ئیسلامی کوردستان مەریوان هەڵەبجەیی نووسەری کتێبی سێکس شەرعو ژن لە ئیسلامدا (6) مانگ حوکمدرا

دوو ساڵ بەرلەئێستا بەهۆی بڵاوبوونەوەی کتێبێکی مەریوان هەڵەبجەیی بەناوی "سێکس‌و شەرعو ژن لەمێژووی ئیسلامدا" ئیسلامیەکان هەرایەکی گەورەیان سازکردو کەوتنە فشارهێنان بۆ دەسەڵات.

بەپێی هەواڵێکی سایتی ئاوێنە، سەرەنجام رۆژی 2007/12/5 دادگای هەڵەبجە بە غیابی بڕیاری شەش مانگ زیندانی بۆ مەریوان هەڵەبجەیی دەرکردو بڕیاری دا بەدەستگیرکردنی ناوبراو هەرکات گەڕایەوە کوردستان.

جێگەی باسە کە ئەو کتێبە رەخنەگرانەیەی مەریوان هەڵەبجەیی لە ئیسلام کە کەوتە بەر نەفرەتی ئیسلامییەکانو چەندین فەتوایان لەسەر دەرکرد لەلایەکی ترەوە لەنێو خەڵکدا پێشوازییەکی زۆری لێکراو چەندین جار لەسەر یەك چاپکرایەوە.

هەروەها لەبەرامبەر هاتوهاواری ئیسلامیەکان لەدژی مەریوان هەڵەبجەیی‌و کتێبەکەی ریزێکی فراوان لە ئازادیخوازان پشتیوانییان لە مەریوان هەڵەبجەیی‌و ئازادی رەخنە لە دینو "موقەدەساتی" ئیسلامیەکان کرد. وە هەر بەیارمەتی ئەوان مەریوان هەڵەبجەیی توانی بچێتەدەرەوەی وڵاتو ئیستا لەوێ نیشتەجێیە.

ئەم بڕیارەی حکومەتی هەرێمو دادگاکەی، بەشێکی ترە لەو هەنگاوانەی کە لەدژی ئازادی نووسینو راگەیاندنو رۆژنامەگەری ناوبەتیو ئێستا لەژێر ناوی یاسای رۆژنامەنووسیدا لەرێگەی پەرلەمانەوە دەیەوێت قاڵبێکی یاسایی پێبدات.